# ئینسان

بەرزان هەستیار
شوباتی 2005
کۆلن
bhastiar@yahoo.de

ئەم کەونە لەسەر شانی شکاوی "خەتا"کان
چوارمشقی لێی دانیشتووە
کێ یەکەمین تاوانبار ئەناسێتەوە
کە وای لێ کردین
تەونی جاڵجاڵۆکە تێك بدەین و
هەواڵی ماڵی خاڵیشمان لە خاڵخاڵۆکە بپرسین ؟
کێ ئەو گەمژەیە ناس ئەکا
ڕێی دارستانەکانی
بۆ ڕاوە باڵندە و ئاژەڵان نیشان داین ؟
ئەی ئینسان ، ئەی دڕندە ترین مەخلوق
تۆ خۆت ئەزانیت ئەم سەرزەمینە
چۆن بە بۆنی گوناهەکانت کاس بووە ؟
حاڵیی هەیت کەشتیی ئەم سەفەرە کورتەت
چەند زوو ئەیدا لە گاشە بەردێکی دەریای عەدەم و
هەپروون بە هەپروون ئەبیت و
ئەبیتەوە بە هیچ ، بە هیچ ، هیچ ؟
ئەزانیت هیچ چییە ئەی ئینسان ، ئەزانیت ؟!
دەرکت بەوە کردووە تۆ .....
خوێنی گورگەکان ئەڕێژیت بۆ ئەوەی
لۆزی خۆت زووتر بگاتە پاشەڵی مەڕەکان ؟!
باڵی باز و هەڵۆکان ئەشکێنیت
تا خۆت گورجتر
چنگت بگاتە کۆتر و قومری و پاسارییەکان
تێ ئەگەیت تۆ چیت ئەی ئینسان ؟
تۆ هەموو شتێکیت و" هیچ "یش نیت

تۆ ئەو گەردو تۆزەیت
ئەنیشیتە سەر بەفری یەك شەوەش
تۆ ئەو تلیاکەیت کەونت سیخناخ کردووە لە گێژیی
سەیرێکی پە نجەکانت کە
لە نینۆکەکانت ورد بەرەوە
شەیتان نەماوە نوێژیان لەسەر نەکات
خوێن نەماوە لە ژێریانەوە چۆڕاوگەی نەبەستبێت
فریای خۆت کەوە
کات ، "شەمەندەفەرێکی خەوالۆو" نییە
لەسەرت ماتڵ بێت
عوزرخواییەك بۆ هەموو " بوون " بهێنەرەوە
بە دەریاکان بڵێ بتبەخشن بە شینێتیی خۆیان
لە ئاسمان بپاڕێرەوە
لەبەر چاوی گەشی ئەستێرەکان
عەزابت لەسەر سووك بکات
بە زەمین بڵێ لە شەڕانگێزییت ببووری ،
بڕۆ سەر لە هێلانەی ئەو بێچووە کۆترانە بدە
کە لە ئێوارەیەکدا هەتیوت خستن ،
لەبەر دەمی ئەو کارژۆلانەدا کز هەڵتووتێ
کە دایکیانت لە ژێر ڕەحمەتی چەقۆکاندا....
بە زۆر پاڵ خست
بەو جەنگەڵانە بڵێ خەجاڵەتم ،
کە ئاگرت لە خۆیان و
شەونمی باریوی سەر گەڵاکانیان بەردا
سەفەر کە ، هەر لە سەفەردا بە
ئەم شۆڕشە ساردەت درێژ خایەنە
ئەم نوێژەت وا زوو تەواو نابێت
ئەبێ خۆت لە ئۆقیانووسەکان هەڵکێشیت بۆ دەست نوێژ ،....
سەرتا پا زەمین بکەیت بە بەرماڵ ،
کەونیش بە قیبلە ؛
ئینسان ؛ ئەی تاوانباری گێل
تۆ بۆ لێو تەڕ کردنێ
ئامادەیت چەمێك لیخن کەیت
بۆ پێ کردنی سیگارێك

سەرو قژی قامیشەڵانێ ئاگر دەیت
هەر بۆ پێکەنین
پۆلێ سوێسکەی جوان
لە سەمفۆنیای شەقەی باڵەکانیان بخەیت
*********

شتێکی بچکۆلە لە ژێر قەفەزەی سنگتایە
ناوت ناوە دڵ ،
بەڵام هەمیشە لە بیرت ئەچێتەوە
فوویەك لە گەردی سەر ئاوێنەکەی بکەیت
جووتێ هەڵماتی دوو ڕەنگت لە سەرتا هەڵگرتووە و
پێیان ئەڵێی چاو
کەچی تەنها ڕەنگێکیان تێ ئەڕژێنیت .....
کە هەر لە نیگای خۆتا قەشەنگە ؛
ئەی ئینسان ، ئەی ئەنانیترین ئافەریدە
لە زەلیلییدا چەندە گچکەیت و
لەسەر قەڵای غرووریشتا
جیهانت لا ئەبێتە نقێمێکی پیرۆزەیی
بۆ ئەگوستیلە زێڕەکەت ؛
تۆ یەکەم تونێلت بۆ خوێن لێ دا و
مێژووت پڕ کرد
لە بۆساردی مەرگ ،
ئیدی لەو ساوە
هاوینان بەر دەرگاکەت
بە تافە تافی ئاوی شەڕەکان
فێنك ئەکەیتەوە ،
ئیدی لەو ساوە بەهەشتێك لە ژێر پێتا ڕاخراوە
شێدار بە ڕۆحی ڕزیوی زەریایەکی مردوو ؛
تۆ تاوانباریت ئەی ئینسان
بە زۆرکردنی ژمارەی گۆڕستانەکان ،
بە قۆرخ کردنی زەمین بۆ دووکەڵی ئارەزووەکانت ،
تاوانباریت بە دزینی گەنجینەی " غروور" ،
بە تالان کردنی شەتڵەکانی دۆزەخ ....
بۆ باخچەکانی سەر زەمین ،
بە ڕاکێشانی جۆگەلەی بارووت ....

**بۆ سەر ڕووبارە پڕ هەنگوینەکانی بەهەشت ؛**
**تاوانباریت ئەی ئینسان**
**بە گۆڕینەوەی نامەی دڵداریی**
**لەگەڵ گۆریلاکانی " غەدر "دا**
**بە چاوداگرتن لە کچە باڵق نەبووەکانی "خیانەت " ،**
**چیت ماوە فریای خۆت کەویت ، پاك بیتەوە ؟**
**ڕەنگە سبەی لەسەر سفرە .....**
**چۆڵ و هۆڵەکەی فەوت بوون**
**فراوین بکەیت ،**
**کێ ئەزانێ ؟ کێ ؟**
**پێ ئەچێ هەر خۆشت**
**ئاورنگێ لە پشکۆکانی کوانووی " نەمریی "**
**بدزیت و لەخوێنتا بیشاریتەوە ؛**
**ئەی ئینسان ، تۆ ،**
**تۆ چ نهێنییەکی سەیریت !**
**چ مەتەڵێکی ئاشکرا !!!!**